دادگای باڵای فیدراڵی لە وەڵامی ئەنجومەنی باڵای دادوەری: بڕیارەکانمان بەپێی دەستور پابەندکەرن

دادگای باڵای فیدراڵی ئەمڕۆ چوارشەممە وەڵامی ئەنجومەنی باڵای دادوەری دایەوە، سەبارەت بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سێ یاساکە و دوپاتیکردەوە کە بڕیارەکانی بەپێی دەستور پابەندکەرن.

دادگای باڵای فیدراڵی کە باڵاترین دەسەڵاتی دادوەرییە لەسەر ئاستی عێراق، لەڕاگەیەندراوێکدا باوێکردەوە، "بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی، بەپێی بڕگەکانی مادەی (94)ی دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005، کە تێیدا هاتوە، بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی کۆتایی و پابەندکەرن بۆ سەرجەم دەسەڵاتداران، دەقی پشوەختەی هەمو ئەو بڕیار و ڕێنماییانەی تێدایە کە لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە دەرچون."
ئاماژەی بەوەشکرد، "مادەی 94ی دەستور هەمو بڕیارەکانی پاراستوە لە چەواشەکردن و جێبەجێکردنیان ناچارییە، بەو پێیەی دەستور بەڕگەنامەی گەلە و بەهێزی بڕیارەکانی دادگا دەستوریەکان لەسەر ئەو بەڕگەنامەیە دامەزراوە، کە هەمو لایەك پابەند دەکات کە پشێلی نەکەن".

پێشتریش ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق، فەرمانی دەوەتی هەتکردەوە کە لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە دەرچوە بۆ هاگرتنی جێبەجێکردنی سێ یاساکە، لەوانەش یاسای لێبوردنی گشتی، بەڵام لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە رێگری هەر یاسایەك دەبێت دوای بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی وەقائیع ئەنجام بدرێت و تا ئێستا ئەو یاسایانە بڵاونەکراونەتەوە.